د. حەیات ئەلیف عەزیز

لە زانکۆی واشتنۆن بۆ گوڵان:

# ئەگەری یەکپارچەیی عێراق هاوتای ئەگەری دابەشبوونیەتی



**د. حەیات ئەلیف عەزیز کە پسپۆڕ و توێژەرە لە زانستی سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی واشتنۆن، ماستەرنامەکەی لەسەر رۆژنامەگەرییە و بەرێوەبەری خوێندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ناوبراو.**
**د. حەیات بایەخێکی زۆری بە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوە و چەندین کتێب و توێژینەوەی لەسەر ئامادەکردووە کە لەناویاندا کتێبەکەی ئەمساڵیەتی بەناونیشانی"یەکپارچەیی هەرێمی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها چەندین وتاریشی لە میدیاکانی ئەمەریکا بڵاو کردۆتەوە.**
**بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عێراق و ئایندەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ئیقلیمی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوڵان ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ د. حەیات سازکرد و بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

### سەقامگیری هەرێمی کوردستان باشترین رێگرە لەبەردەم دەستێوەردانی تورکیا

بارودۆخی عێراق کە لە میدیاکاندا باس دەکرێت، زیاتر ئاماژەیە بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق، ئەم شوناسەی عێراق کە بۆتە هێما بۆ توندوتیژی و شەڕی ناوخۆ، تارادەیەک زیانی بە شوناسی هەرێمی کوردستانیش گەیاندبوو، بەڵام کاتێک ئەم واقیعە سەرنجی میدیاکانی جیهانیان راکێشا و بۆ ئەوەی لەو عێراقەی جیا بکەنەوە کە بۆتە هێما بۆ شەڕ و توندووتیژی، هەرێمی کوردستانیان بە عێراقێکی دیکە ناوزەد کردووە، ئێستا ئەم عێراقە ئارامە یان وەک میدیای رۆژئاوا پێدەڵێنThe other araq بۆتە نموونە بۆ دیوە گەشەکەی عێراق، بەڵام دیسان ئەم سەقامگیری و ئارامیە بێ هەڕەشە و مەترسی نییە و، بەردەوام لەسەر ئاستی ئیقلیمی بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی هەڕەشەی لێدەکرێت.

دەربارەی ئەم سەقامگیریەی هەرێمی کوردستان وکاریگەری ئەم سەقامگیریە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی د. حەیات بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

"پێش ئەوەی بێمە سەر باسی کوردستان، دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم، بەڕاستی زۆر قورسە وەسفی ئەو بارودۆخە بکرێت کە ئێستا ئەمەریکا لە عێراقدا رووبەڕووی بۆتەوە، لەوانەیە لەسەر ئاستی تیۆری باس لە رێگەچارەی سیاسی بکرێت، بەڵام لەواری پراکتیکدا زۆر زەحمەتە بتوانرێت سەرکردەیەکی وەک موقتەدا سەدر بگەیەنرێتە قەناعەت بەوەی لە چوارچێوەی پێکهاتنەوەیەکی سیاسیدا بگەنە رێککەوتنێک، ئەم بارودۆخەی عێراق لە جێگەی خۆیەتی ببێتە هێما بۆ شەڕ و ئاڵۆزی، لە بەرامبەردا ئارامی و سەقامگیری کوردستانیش غەدرە تێکەڵی ئەو بارودۆخە بکرێت، بۆیە جێگەی خۆیەتی کە بە عێراقێکی دیکە ناوزەد دەکرێت.

ئەم سەقامگیریەی هەرێمی کوردستان کە تەنیا بەشە لە عێراقدا سەقامگیری تێدابێت پێویستە بپارێزرێت، ئەم پارێزگاریەش دەبێ بە دەسپێکی دیبلۆماتیانە دەست پێبکات وگوشار بخرێتە سەر تورکیا بەوەی ئەو هەڕەشە و گوڕەشانە لە هزری خۆی بباتە دەرەوە کەدەیەوێت ئاسایش و سەقامگیری کوردستانی عێراق بشێوێنێت ئەگەر مەسەلەکە بیانووی پەکەکە بێت، ئەوا تورکیا مافی خۆیەتی لەناو سنووری خۆیدا رێوشوێنی ئاسایش سەبارەت بە چالاکی ئەو گروپە وەربگرێت و ئەمەریکا هەرگیز لەسەر ئەو رێوشوێنە ئاسایشیانەی تورکیا لەناو سنووری خۆیدا گرتوویەتە بەر رێگر نەبووە، بەڵام بیەوێت بەبیانووی پەکەکە بێتە ناو هەرێمی کوردستان، من لەو بڕوایەدانیم ئەمەریکا ئەم کارە قبوڵ بکات لەبەر ئەوەی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمەکە تێکدەچێت، لەم حاڵەتەدا سەقامگیری کوردستان بۆتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ رێگرتن لە هەڕەشەکانی تورکیا.

لەلایەکی دیکەوە تورکیا ئێستا کاندیدی یەکێتی ئەورپایە و زۆریش هەوڵدەدات ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، هەر بۆیە ئەگەر

ڕەفتارێکی لەو جۆرە بکات یەکێتی ئەورپا کاردانەوەیەکی توندی دەبێت، لەم حاڵەتەشدا تورکیا دەبێت گوێ بۆ پێشنیارەکانی یەکێتی ئەورووپا بگرێت و گوشارەکانی ئەمەریکاش لەبەرچاو بگرێت لەم چوارچێوەیەدا مەسەلەی ڕێگرتن لە دەستێوەردانی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان لەو چوارچێوە دەردەچێت کە وەک دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق و پێشلکردنی سەروەریی عێراق سەیر بکرێت، بەداخەوە ئەمە یەکەمجار نییە سەروەری عێراق پێشێل دەکرێت، بەڵکو پێشتر دەیان جاری دیکە پێشل کراوە و کاردانەوەش نەبووە، بۆیە من دڵنیانیم لەوەی ئایا سەروەریی عێراق تا چەند کاریگەری لەسەر ڕێگرتن لەسەر ئەو دەستێوەردانە دەبێت؟

بەڵام بێگومان پارێزگاری کردن لە سەقامگیری کوردستان کاریگەری دەبێت.

### ئەمەریکا هێرش ناکاتە سەر وڵاتێک توانای نیوکلیاری هەبێت

زۆربەی چاودێران لەسەر مەسەلەی هێرشی تاکلایەنەی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران لەو خاڵەدا کۆکن ئەمەریکا هێرش ناکاتە سەر ئێران، بەڵام جیاوازی بۆچوونەکان لەو فاکتەرانەیە کە دەبێتە هۆی ڕێگرتن لەبەردەم ئەم هێرشەدا دەربارەی تەنگژەی نێوان ئێران و ئەمەریکا ئەگەری شەڕ لە نێوان ئەم دوو وڵاتە: د. حەیات ئەلیڤ گوتی:

"بۆمەزەندەکردن لەسەر هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی ناکۆکی لە گەڵیاندا هەیە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پەیوەندیەکانی ئەمەریکا و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەکاندا، لەم ڕاستییەوە وەک مەسەلەیەکی باو ئەمەریکا هێرش ناکاتە سەر وڵاتێک کە بزانێت توانای بەرهەمهێنانی چەکی نیوکلیاری هەیە، هەر بۆ نموونە سەیر بکەن مامەڵەی ئەمەریکا لەگەڵ کۆریای باکوور و ئێران چەند جیاوازە، هەروەها سەیری مامەڵەی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران بکە بزانە چەند جیاوازە لەگەڵ عێراق ئەمەریکا دەزانێت هەر کارێکی سەربازی دژی ئێران، ئاکامی زۆر لەوەی عێراق مەترسیدارتر دەبێت، یا سەیری پەیوەندی نێوان کۆریای باکوور و ئەمەریکا بکەین، ئەمەریکا لە شەڕی کۆریا، زیانێکی گەورەی بەدەستی کۆریای باکوور لێکەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەنی چەکی نیولکیاریە نەیتوانیووە هێرش بکاتە سەری، ئێستا ئێرانیش یاری بەهەمان کارتی چەکی نیوکلیاری دەکات، ئێستا ئەمەریکا هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە کار بۆ ئەوەی بزانێت توانای ئێران بۆ بەرهەمهێنانی چەکی نیوکلیاری چەندە، هەروەها ئەمەریکا باسی قەڵاچۆکردنی چەکی کۆکوژ دەکات، بەڵام ئێران ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە خاوەنی چەکی کۆکوژە ئەمەش بۆ پشتگیری سیاسەتی ئێرانە.

ئەگەر خاڵە بەهێزەکانی ئێران شرۆڤە بکەین، دەبینین ئێران هەر لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری



**ئەمەریکا لە شەڕی کۆریا، زیانێکی گەورەی بەدەستی کۆریای باکوور لێکەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەنی چەکی نیولکیاریە نەیتوانیووە هێرش بکاتە سەری، ئێستا ئێرانیش یاری بەهەمان کارتی چەکی نیوکلیاری دەکات**

ئیسلامی کێشەی بارمتەکانی لەگەڵ ئەمەریکادا دروستکرد، هەروەها ئێران حزبوڵڵای لەبەردەستە کە دەتوانێت لەم گەمە سیاسیەدا بە باشی بەکاری بهێنێت، ئەمەریکا ئەگەر بتوانێت نایەوێت ئێران بەوجۆرە بێت، هەر بۆیە هەردوولا ماسولکەی هێزی خۆیان بۆ یەکتری دەردەخەن لەسەر ئاستی عێراقیش ئێران نفوزێکی زۆری هەیە و ئەمەریکا ناتوانێت ڕێگری لە دەستێوەردانی ئێران بۆ کاروباری ناوخۆی عێراق بکات، ئەمەش لەبەرئەوەیە ئێران یاریزانێکی سەرەکییە لەسەر ئاستی ئقیلیمی و ڕۆڵ و پێگەی خۆی هەیە، با سەیری ئەفغانستان بکەین لەو کاتەوەی کە یەکێتی سۆڤیەت چووە ناو ئەفغانستان تا ئێستا ئێران ڕۆڵی لە هاوکێشەی ئەفغانستاندا هەبووە، لە عێراقیشدا بەهەمان شێوە ئێران زۆرینەی شیعەیە و عێراقیش بە هەمان شێوە، هەروەها دەیان سەرکردەی شیعەکانی عێراق لە ئێران بوون، بۆیە کاریگەری ئێران لەسەر عێراق بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت.

### عێراقی ئێستا لوبنانی ساڵی ١٩٧٥-١٩٩٠

توندوتیژی و شەڕی ناوخۆی وڵاتانی دوای شەڕ لە زۆربەی کاتدا ئاکامەکەی دابەشکردن بووە، لەوانەیە ئەزموونی شەڕی ناوخۆی لوبنان مەسەلەیەکی دیکە بێت، بەڵام یوگسلافیای پێشوو نمونەیەکی بەرچاوە بۆ لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەتانی دوای شەڕ، دەربارەی تێڕوانین بۆ ئایندەی عێراق و ئەگەری دابەشبوونی عێراق د. حەیات ئەلیڤ عەزیز بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو:

من نازانم تا چەند دابەشکردنی عێراق لە بەرژەوەندی عێراقییەکانە و تاچەند ئومێدی بۆ دەخوازن، لەبەرئەوەی ئەمە فاکتەرێکی گرنگە و ڕەهەندەکانی ئایندە دیاری دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چارەسەری شەڕەکانی دوای شەڕی سارد، گەلێک جار بە دابەشبوون کۆتایی هاتووە و یوگسلافیای پێشوو باشترین نموونەیە، هەروەها چەندین ناوچەی دیکە لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد دابەشبوون، لەم چوارچێوەیەدا نازانرێت لە ئایینده و لە عێراقدا چی ڕوودەدات؟ بەڵام وەک دەیبینین **ئێستا** عێراق لە شەڕێکی ناوخۆی هاوشێوەی لوبناندایە کە لە ساڵی ١٩٧٥ دەستی پێکرد لە ساڵی ١٩٩٠ کۆتایی هات، لەم حاڵەتەدا چەند فاکتەرێک کاریگەریان دەبێت:

١- ئایا عێراقییەکان خۆیان چی بڕیارێک دەدەن؟

٢- ئایا بوونی ئەمەریکا لە عێراقدا وەک چوار ساڵی ڕابردوو دەبێت یان کەم دەبێتەوە؟

هەربۆیە دابەشبوونی عێراق ئەگەرێکە مەزەندەی بۆ دەکرێت، بەڵام دڵنیا نیم ئەمە ڕوودەدات یان نە، لەبەر ئەوەی ئاماژەکانی دابەشبوون دیارن، هەروەها ئاماژەی یەکپارچەیی عێراقیش بوونی هەیە.